# ئایا کورد دەتوانێ لەگەڵ ئەم جۆرە لایەنانە لە ئێرانی داهاتوودا بژی

عارف باوەجانی



کاتێک کە هەواڵێکم بەرچاو دەکەوێت و هەستدەکەم زیانبەخشە بۆ سەروەری نیشتیمانەکەم، خۆم پێناگیرێت و پەنا بۆ پێنووسەکەم دەبەم، تا ئەوەی لە ناخم دایە بیهێنمە سەر میدیا کوردییەکان و بە چاک و خراپی لە سەری بد وێن.

زۆر جارم وتووە و هەمیشەش دووپاتی دەکەمەوە: هەرگیز ئەو ئێرانە فیدراڵە دیمۆکراتی و ئارام و یەکسانەی کە هیندێک لە لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان باسی لێوەدەکەن بە خەونیش نایەتەدی!... باشتر وایە چیتر خۆمان بەوە سەرقاڵ نەکەین، و کاتی ئەوە هاتووە کە بێینە سەر ڕاستییەکانی ژیانی سیاسی و خۆ گونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە جیهانییەکان و کەڵکوەرگرتن لەو گۆرانکارییانە بۆ سەربەخۆیی نیشتیمانەکەمان.

بابەتێك کە بەمدواییە سەرنجی راکێشام ئاکاری پان - ئیرانیستەکان بوو . حیزبی مەشروتەی ئێران، یەکێک لە کۆنترین و گەورەترین حیزبە سەرتاسەری خوازەکانی ئێران و نزیک بە بنەماڵەی پاشایەتی ئێرانە و لە بروکسێل و لە ناوجەرەگی ئوروپا - لە ناو جەرگەی باس و ڕاوێژی جیهانی بۆ دیمۆکراتی و ئاشتی و ئازادی - کۆنفرانسی خۆیان دەگرن و هەر بە شوعاری کۆنفرانسەکەشیان (ئێرانی یەک وڵات و یەک نەتەوە) کە بە زەقی نکۆڵی لە مافی 5 نەتەوەی مەزن و مێژوویی لە ناوچەکە دەکەن، کە لە سەرەوەی هەموویان نەتەوەیی کوردە،بەمدواییە و لەژێر ناوی جۆراوجۆردا چالاکییە فاشیستییەکانی خۆیان پەرەپێداوە.

ئەم وێنەش کە ماڵپەری حیزبی ناوبراو وەرگیراوە سەلماندنی ڕاستی ئەو باسەیە.




ئەوان بەهزرێکەوە ماندوون کە بێجگە لەوەی لە کۆبوونەوەو میدیاکانی خۆیان و پەروەردەی کادیران و لایەنگرانیان ئەو هزرە دەبەنە مێشکیانەوە،کە باس لە بوونی ئەوان و سەروەرییەکانیان و گەڕانەوەیان بۆ چاخەکانی زێڕینی رابردوودەکات واشدەکەن کە ئێمە بڕوا بەوە بکەین و دڵنیابین کە هەرگیز بە دیداری راستەوخۆ ودانیشتنی ڕێبەرانی کورد لەگەڵ سەڵتەنەتخوازان و مەشروتەخوازان و ئێرانیخوازان و فارس و پارسخوازان بەڵێنی دانپێنانی کورد وەک نەتەوەیەکی جیاواز لە ئارادا نەبووەو نییە .

نموونەی بەرچاو ، لە کاتی لە سێدارەدانی پۆلێک لە ئازادیخوازنی کورد وەک فەرزادی کەمانگەر و عەلی حەیدەریان وشیرین عەلم هولو و فەرهاد وەکیلی، کە لە ئاست جیهاندا وەک لە سێدارەدانی پۆلێک کورد دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، کە چی حیزبی ناوبراو لە هەواڵ و بەیاننامەی خۆیاندا بە شێوەی خوارەوە بە یەک وشەش ئاماژەیان بە کوردبوونی ئەوان نەکردوە، وبگرە بە مەیلی خۆیان دەیانکەن بە ئێرانی و پشتیوانانی شۆرشی سەوز و هیدیکەش.

ئەمەش دەقی بەیاننامەی حیزبی ناوبراوە کە لە پاش شەهیدبوونی ئەو پۆلە کوردە تێکۆشەرە حستیانەبەردەم رای گشتی

اعلامیه حزب مشروطه ایران
اعدام پنج تن دیگر از جوانان برومند ایرانی

اعدام پنج تن دیگر از جوانان برومند ایرانی برگ دیگری از پرونده خونین رژیمی است که دیگر جز زندان و جوخه اعدام رابطه‌ای با مردم خود ندارد. فرزاد کمانگر، علی حیدریان، فرهاد وکیلی، شیرین علم هولی و مهدی اسلامیان سرکشانه به جمهوری اسلامی نه گفتند. ننگ توسل به خامنه‌ای را بر جان خود نخریدند و دلیرانه به پیشباز مرگ رفتند.

از دست رفتن این جوانان ـ تازه‌ترین قربانیان این نسل نوینی که پیشگام رهائی ایران از حکومت دزدان و جنایتکاران شده است ـ بار دیگر همه ما را سوگوار می‌کند. ولی در عین سوگواری و اندوه نمی‌توان با دل‌های گرم‌تری به آینده این ملت نیندیشید. این هزاران تنی که در یک ساله گذشته به زندان رفتند و شمار بزرگ و فزاینده‌ای که جان‌های گرامی خود را ارزانی آزادی میهن کردند خبر از جوشش فرو ننشاندنی ملتی می‌دهد که دیگر تحمل حکومت دزدان و جنایتکاران را ندارد و بهترین فرزندانش آماده جانفشانی در راه آن هستند. رویاروئی مردم با رژیم دیگر از آشتی و کوتاه آمدن گذشته است. رژیم به عمد می‌کوشد هر دری را ببندد؛ می‌خواهد مردم را به هر وسیله از میدان بدر کند. اما فرزادها و شیرین‌ها و مهدی‌ها و فرهادها و علی‌ها از زندگی بیرون رفتند و از میدان بدر نرفتند. رژیم می‌تواند بگیرد و بکشد ولی مردمان بیشمارند.

آنها که در این نمایش باشکوه همبستگی ملی، در این جنبش سبزی که مرزها را درنوردیده است هنوز به فاصله‌ها می‌اندیشند و گوشه‌ای برای خود می‌خواهند دمی به این خون‌ها که هر روز بر این خاک می‌ریزد، به این گروه گروه که گل‌های وجودشان در زندان‌های غیر انسانی پژمرده می‌شود بیندیشند. چوبه‌های دار و جوخه‌های تیرباران و دیوارهای زندان از قربانیان خود نمی‌پرسند که عقایدشان چیست؛ کاری به تفاوت هایشان ندارند؛ و آن قهرمانان در یک صف و جون تنی واحد بهای چالش همه سویه رژیم را می‌پردازند.

حزب مشروطه ایران (لیبرال دموکرات)

.................................................

ئەوەی کە زۆرجار ئاماژەمان پێکردوە و بووەتە مایەی نیگەرانیی زۆر لە کەسانی نەتەوەیی و خەمخۆری سەروەریی گەلەکەمان، ئامادەیی هیندیک لایەنی کوردییە بۆ هەر جۆرە کۆبوونەوە و کۆنفرانسێک کە لە لایەن ڕێکخراوێکی فارسی یان فارسی زمان ڕێکبخرێت، بێئەوەی بکۆڵنەوە لەوەی کە ئایا بە ڕاست پێکهێنەرانی ئەو کۆبوونەوە، یا ئەو بە ناو ڕێکخراوە لەو ئاستەدایە کە ڕێبەرانی ئێمەی کورد وا بە پەرۆشەوە دەچنە پشت تریبوونەکەیان و بە زمانی فارسی شیرینی ئەوان باسی دیموکراسی بۆ ئێران دەکەن؟

کە چی بە دەیان ڕێکخراوی جۆراوجۆری کوردی لە ئەمریکا و ئوروپا و کوردستان، کە لە زۆر لەو ڕێکخراوە ئێرانییانە بە تواناتر و پر ئەندامترن، بە نووسراوە بانگهێشتنی تایبەتی‌سەرۆکی لایەنە کوردییەکان دەکەن بۆ کۆبوونەوە لە سەر هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ ئەم دۆخە نالەبارە، یا پرۆژەو پێشنیاری بەکەڵک، ڕوو لە لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدەنە دەرەوە، بەڵام ئەو سەرکردانە بە هیچ شێوەیەک ئامادە نین وەڵامی نامە و پرۆژەی ئەو لایەنە کوردیانە بدەنەوە. کەچی خۆشباوەڕی بە لایەنی فارسی و پرسیارنەکردن و نەکۆڵینەوە لەو شۆێنانەی کە بە پەلە خۆیانی پێدەگەیەنن لە ئاکامیشدا: کارەساتی وەک کۆبوونەوەکەی فەرانسەی لێدەکەوێتەوە کە کەسانی تایبەت بە کۆماری ئیسلامی ئێران ڕیکی دەخات و دوایی دەیکات بە باشترین بەڵگەی پروپاگەندەی خۆی.

که بەڕاستی دەبوو لەو کۆبوونەوەی فەرانسە باشترین ئەزموونمان وەربگرتبایە! کەچی دیسانەوە عەلیرەزای نوریزادە بە زیرەکی خۆی و بە زمانە شیرینەکەی ئەو پارت ولایەنە کوردییە فیدراڵی خوازانەی لە دەوری لایەنە سەرتاسەری خوازەکانی ئێرانی کۆکردەوە. ناوبراو کە ئەو پەری هەوڵدەدا هانی ئەو لایەنە کوردییانە بدات واز لە شوعاری ئێرانێکی فیدراڵیش بێنن، لە لایەکیشەوە ناوبراو واخۆی نیشاندەدا کە پشتیوانی لە فیدراڵی دەکات. بەڵام زیرەکانە هەوڵدەدات کارەکانی خۆی بەوریاییەوە ئەنجام بدات و ئەرکی پێسپێردراوی بۆ ڕازیکردنی کوردەکان و هیندێک لایەنی نەتەوەکانی دیکە بە ئاکام بگەیەنێت .

هەر ماوەی جارێک و لە ژێر ناو و دروشمێکی شیرین و هەڵخەڵەتێنەر وزەبەلاحدا، کۆبوونەوەیەک ڕێکدەخات و سەرۆکە کوردەکانیش لە هەرێمی کوردستانەوە دەفرێنێ بۆ ئەو کۆبوونەوانە و دیسانەوە شەهادەی "مەرگی کورد"یان پێدێنێتەوە!

کۆبوونەوەی ئەمجارەی ناوبراو – کە لە سەنتەرە خۆی ولە لەندەن بەڕێوەچوو - هەر هەمان مەبەستی دەپێکا. مەبەستەکەش ئەوە بوو کە بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە -کە زۆرینەیان لایەنە سەرتاسەری خوازەکانن - هەوڵبدەن لایەنی کوردی بێننە سەر ئەو باوەرە کە شکڵی خەباتیان لە فیدراڵییەوە بگۆرن بۆ "ئێرانێکی دیموکراتیك".هەر هەمان سمۆرەی ناو توورەکەکەی ئاتاتورك, کە بە ناوی کۆماری دێمۆکراتیکی تورکیەوە، لە سەدەی بیستویەکەمیشدا خەریکی ئەنفالی کەرامەتی زاتی کوردە!؟

زۆر جار ئەوەش دەبیسینەوە کە گوایا ئێمەی کورد پێویستە فارسەکان حاڵی بکەین کە چیمان دەوێت، ئایا فارسێک هەیە کە خۆی بە سیاسی بزانی و... نەزانێ کورد کێیەو چی دەوێ؟. ئیدی بۆ ئەم لایەنە سیاسییە رەسەنە کوردانە کە خۆیان بە نوێنەری کورد لەسەر عەرزدا دەزانن، ئەوەندە لە بوودجەی حیزبەکەیان خەرج دەکەن بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوە لە گەڵ ئەم فاشیستانەدا بە دیداریان شادبنەوە؟... ئەی بۆ وەک لایەنە کوردییەکان کۆبوونەوەیەکی گرنگ لە ئوروپا ڕێکناخەن لە ژێر ناوی "مافی چارەی خۆنووسی گەڵی کورد بە گشتی و ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی"و بانگهێشتی ئەو فارسە دۆستانەیان ناکەن بۆ ئەوەی بزانن هیچ کام لەوان ئامادە دەبن لەو جۆرە کۆبوونەوەیە کە لە بەرژەوەندی کورددایە بەشداری بکەن؟. یا هەر دەبێت کورد کۆبوونەوەکانی ئەوان بڕازێنێتەوەو کورسی لۆکاڵەکەیان بۆ پڕ بکەنەوە!؟